# ئیتر چی بۆ گوتن ماوە؟

**فاتمە ئیختیاری**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



غەیری شیعر چی تر بڵێین،
ئیتر چی بۆ گوتن ماوە؟
چی تر ماوە
جگە لە زمانی گڕ و چەک و گوللە؟
هێمنایەتی
ئەو ڕێگا پڕ کارەساتە پێ نازانێ
تاریکەڕێی تاهەتایی
چۆنت دەبا بەرەو قوللە؟

کەوتوویەتە نێو شەوێکی ئەنگوستەچاو
لەگەڵ خەونی ئەو چەکەی لە جانتاتدایە
کراسێک و دوو نامە و چەند دانە وێنەش
لە نێو خاکا
بۆ گەڕانەوەی تۆ چاویان لە ڕێگایە

لە نێو دڵی ئەم خاکەدا
کەوا سنووری مێژووە
دڵێکە و لە ژێر کەویلەکەویلکەی بەفرا دەلەرزێ
ئەم پیاوە تەنیا و ئاشتەش
گەلێ ساڵە تێگەییوە و
بۆ "ئەوین" هەر چوار وەرزی کردۆتە وەرزێ

سەری لە ئاسمان دەسوێت و
کەللەی ئاشتیشی لە "تۆ"
بۆتە هاودڵ و هاوزمان
لەگەڵ لووتکە و شاخ و چیا
بەڵام ئۆناقی گریانێک
زمانی لە گۆ خستووە و
تەنیا هاژەهاژی با دێ
دەنگە تامەزرۆکەی دەبا

ئیتر چی بۆ گوتن ماوە؟
شیعر لە نێو جەغزی خوێنا
خوێن لە نێو دڵی بەفردا و
لە ناخی هەر شتێکدایە
لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەسرین
لە چاوانی هەڵناوەرێ
لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەسرین
لە چاوانت هەڵناوەرێ
"غەیری شیعر چی تر بڵێین؟
ئیتر چی بۆ گوتن ماوە،
لەسەر ئەم کاولە دنیایە..."؟

**تێبینی: ئەو شاعیرە فارسە و دانیشتووی تارانە، بەڵام عاشقی فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی کوردییە و شیعرەکانی بۆنی مرۆڤایەتی و شۆڕش و بەرگرییان لێدێ.**

**سەرچاوە: لە کتێبی شیعریی شاعیر فاتمە ئیختیاری، بە ناوی (ئیتر چی بۆ گوتن ماوە؟)، کە ئامادەی چاپە، شیعرەکان ڕاستەوخۆ لە خۆی وەرگیراون.**